کورتەچیرۆک



گوڵبەن شەریف

# گالیسکە




تەرمێک بەسەر پشتی گالیسکەیەکەوە بوو، چەند گەنجێکی لە خۆبایی بە ناوەندی شەقامەکەدا بەرەو ماڵی مام کەریم رایان دەکێشا، کاتێک گەیشتنە بەردەم ماڵی مام کەریم گالیسکەکەیان راگرت و یەکێک لە گەنجەکان لە دەرگەی دا، ژنەکەی مام کەریم بە جلە رەشەکەیەوە دەرگەی لێیان کردەوە، بێ ئەوەی گەنجەکە هیچ بڵێت ژنەکە راستەوخۆ نیگای کەوتە سەر گالیسکەکە و دەستی کرد بە شیوەن و واوەیلێ، مام کەریم کڵاشەکانی لە پێ کرد و هات و لەسەرخۆ دەستی لەسەر شانی ژنەکەی دانا و زۆر بە متمانەوە گوتی:

- چییە ئەوە ئافرەت؟ چی رووی داوە ؟ ئەو شین و واوەیلایەت لەچی؟

کاتێک ژنەکە مام کەریمی بینی، زمانی لە کلیلەوەچوو، بە هەموو هێزی خۆی چاوەکانی زەق کردەوە و نیگای مام کەریمی کرد، گەنجەکانیش تەماشایەکی مام کەریمیان کرد و هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵهاتن.

کۆڵانێکی ساردوسڕ وەکو ئەوەی بەفرێکی یەجگار زۆر باریبێت و هیچ کەسێک لە کۆڵانەکەدا فریای سەردەرکردن نەکەوتبێت، بێدەنگییەکی سامناک، واهەستیان دەکرد لە بێداریدا خەون دەبینن، گالیسکەکەش وەکو پەیکەرێک بێ جووڵە لە شوێنی خۆی چەقیبوو.

تەرمێک شەرواڵێکی خاکی لەپێ و بە نیوتاقێکی سەربازی بەسترابوو، خوترەیەکی رەش و سپی لە گەردنی ئاڵابوو، جووتێک کلاشی پەڕۆیینی تۆزاوی لە پێیدا چەک کرابوو، لەسەر پشت و زۆر بە هێمنی لە بان گالیسکەکە کەوتبوو، سپییایی چاوی کەوتبووە پشتەوە و لە نێوان لێوەکانییەوە نیوەی چەند ددانێکی سپی بەدیارکەوتبوو.

مام کەریم لە نیگاکانی ژنەکەی هەندێک شڵەژا، بەڵام زۆر بایەخی پێ نەدا، سەیری دەهات کە ژنەکەی شیوەن دەکات، چونکە ئەو زۆر لە مێژە خزم و کەسوکارەکەی لە کارەساتێکی جینۆسایددا لە ناوچوون و هەردوو کوڕەکەشی لە شەڕێکی ناوەخۆدا کوژران، ئێستا زۆری پێ سەیرە و نازانێ ژنەکەی بۆ کێ شیوەن دەکا!بە خۆی دەگوت:

- ئەمە کاتی خۆی هێندە شیوەنی کردووە، ئەگەر هەتا رۆژی دوایی خەڵکی لە ناو بچن، ئەو شیوەنەی ئەم بەسیانە! ئەی کەواتە بۆ وەها پڕ بە دڵ شیوەن دەکات؟. ئەمجا ژنەکەی بە توندی راتەکاند و گوتی:

- بۆ وەڵامم نادەیتەوە چی بووە؟، ئەی ئەمە تەرمی کێیە لەسەر ئەم گالیسکەیە و کێ هێنایە ئێرە؟

ژنەکەی تەنیا پەنجەی شایەتمانی بۆ تەرمەکە درێژ دەکرد و بە لاڵە زمانەوە دەیگوت:

- ئەوە... ئەوە !.

مام کەریم چونکە کارەکەی زۆر قورس بوو و چووبووە ناو تەمنیشەوە،

نەیدەتوانی کارەکەی بە باشی راپەڕێنێ، ئەو پاش نیوەڕۆیەی کە لە نوێژی عەسرەوە گەڕابووە ماڵەوە بۆ ئەوەی پشوویەک بدا و هەندێ ئاو بخواتەوە، لە ڕێگە سەلام لە چەند کەسێکی ئەهلی مزگەوت دەکات، بەڵام کەسیان وەڵامی نادەنەوە، ئەمیش بە خۆی گوتبوو "لەوانەیە سەرقاڵ بن، دەی بەهەرحاڵ وەڵامدانەوەی هەژارێکی عارەبانەچیی وەکو من زۆر گرینگ نییە!" ئیتر بە دڵتەنگییەوە گەڕابووە ماڵەوە.

مام کەریم خوترە ڕەش و سپێکەی لە ملی کردەوە و ئاڵاندییە کەمەرێوە.

– ئەوە ئەوە چیتە؟ بۆ وا زمانت لە کلیلەوە چووە و لاڵە پەتی بوویتە؟

بە هەردوو دەستی تەوژمی کردە سەر شانەکانی ژنەکەی، ئەویش وەکو کەسێک گیانی لە دەرچووندا بێت لە ژێر تەوژمی دەستەکانی مام کەریم هەڵدەلەرزی.

– بەڕاستی تۆ ژنێکی سەیری!

– من سەیر نیم، تۆ خۆت سەیری!. ژنەکەی لە ناکاودا زمانی بووە و ئەمەی گوت.

مام کەریم لەسەرخۆ و بە هێمنی دەستی لەسەر شانی ژنەکەی هەڵگرت و هەردوو دەستی کردە گیرفانی شەرواڵە خاکێکەی و لە گالیسکە نزیک بووەوە، نیگایەکی قووڵی برییە تەرمەکە، ئەمجا پێڵووەکانی چاوی بە هێواشی هێنایە خوارەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، لەگەڵ کردنەوەی چاوەکانی فرمێسک بە روومەتە پیرەکانیدا هاتنە خوارەوە، گوتی:

– ئێستا تێ گەیشتم بۆ سەلامەکەمیان وەڵام نەدایەوە.

پاشان پشتی لە ژنەکەی کرد و هێواش هێواش وەکو تارماییەک بەرەو مزگەوتەکە ڕێگەی گرتەبەر.

ژنەکەی مام کەریم چاوەکانی داخست و بە دەستەکانی دوا ماڵئاوایی لە مام کەریم کرد. لە ئاخ و حەسرەت و دەست بەیەکادانی خەڵکەکە ژنەکەی مام کەریم چاوی هەڵێنایەوە.

یەکێک گوتی:

– دەی، زوو، تەرمەکە لە گالیسکەکە بێننە خوارەوە.